# چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ جەنابی سەرۆکدا .

## بەشی دووەم

حاجی ئەنوەر
**15.05.2005**

پرسیار : هۆی هەڵگیرسانی شەڕی نیوان هەردووخێڵی چەقۆ کول وتەورشکاو چی بوو ؟ .

سەرۆک : سەرەتا دەمەوێت باسێکی ئەو دوو خێڵەت بۆ بکەم ، دوایی ئەو هەموو دەردیسەرییەی بەسەر ئەواندا هات کە لەم دنیا بەرینەدا لایەک ، کەسێک نەبوو ، لایەکیان لێبکاتەوە ، سەرەنجام فرسەتێکی تریان بۆ هەڵکەوت و ڕزگاریان بوو . ئەوان چەند فرسەتی تریان بۆ هەڵکەوتبو بەڵام چاوچنۆک و گوێڕایەڵی ناحەزانی خۆییان بوون ، ناحەزانیش بۆبەژەوەندی خۆیان هەر جارەی دەیاندان بەتاشێکدا . ئەوەی گرنگە لێرەدا هەڵکەوتی ناوچەکەیان و دەوڵەمەندیان و دڵسۆزی قەومەکەیانە ، مێژووی ئەم دواییەی ئەوان وەک چیرۆکێک وایە ، بەڵام چیرۆکێکی منداڵانە ، ئەوان بەبێ ئەوەی بەخۆییان بزانن کەوتن بەسەر خەزنەیەکی زۆر گەورەی چاوەڕوان نەکراودا کە خەوی سەوزو سورییان پێوە دەبینی ، بەڵام چاوچنۆک و شەڕەنگێز بوون ، لەبری برایەتی و یەککرتن وبڵاوکردنەوە خۆشەویستی لەناو قەومەکەیاندا ، شەڕو حەقدو لیکدابرانیان دروست کرد . ئەم کارەشیان لە بێ ئەقڵیانەوە نەبووە بەڵکو کارێکی داڕێژراوی وورد بووە بۆ بەرژاوەندی تایبەتی خۆییان .

ببورە جەنابی سەرۆک ئەوان وهەندێک لە جەماوەر وا ناڵێن .

سەرۆک : ئایا تۆ باوەڕ بەو قسەییەیان دەکەیت ؟ باشتر وایە بەووردی گێۆبگریت ، لەپێشترەوە ووتم لەبری برایەتی ویەککرتن و بڵاوکردنەوەی خۆشەویستی لەناو قەومەکەییاندا شەڕو حەقدو لێکدابڕانییان دروست کرد . ئەوان بۆ بەرژەوەندی خۆییان دەبوایە ئەو شەڕە ماڵ وێرانکەرو قەوم لەناوبردنەیان بخولقانایە بۆئەوەی لەوڕێگایەوە قەومەکەیان ناچار بەچۆدادان بکەن ، ئەی بیرت نایەت دەستەدەستە پیاوماقوڵان و ماڵوێران بووەکان دەچونەلایان و دەپاڕانەوە کۆتایی بەو ئاگربارانە بهێنن ؟ لەبیرت چوو جوتیارە هەژارەکان هاوارییان دەگەیشتە کەشکەشانی ئاسمان لەتاوئاگری شەڕکە، کە خەلەوخەرمانەکانیانی دەسوتان ؟ ئەوهەمووە گەنجەیان بەکوشتدا ، سەروەت و سامانی قەومەکەیانیان بەفیڕۆ دا ، گرانی و برسێتیان کردە دیاری بۆ یەکەیەکەی ماڵەکانیان ، بۆڕازیکردنی ناحەزاکانی خۆییان دەست درێژیان کردە سەر دۆستەکانیان ، هەرلایەی ئەسیری لاکەی تری زیندە بەچاڵکرد ، کۆڵیان نەدا تا دڵنیابوون قەومەکەیان چۆکیداداوە .چونکە تائێستاش ئاشکرا نیە بۆ شەڕییان کردو چۆن ئاشت بوونەوە !! تائێستاش ڕوونیان نەکردوەتەوە دەستکەوتو زیانی ئەو شەڕە چی بووە ، هەرچەندە چاوەڕێی هەڵگیرساندنەوەی دەکەم بەڵام بەجۆرێکی دی . تۆ ووتت ئەوان و هەندێک لە جەماوەر واناڵێن ، ڕاستە چونکە کەی تاوانبار دانی بەتاوانی خۆیدا ناوە ، ئەوەیش کە تۆ پێی دەڵێت

جەماوەر ئەوانە یان نۆکەرو ئەڵقە لە گوێی خۆیانن یان پاشماوەی ڕژێمەکەی پێشون و کە بەرژەوەندییان لە هەموو ئاژاوەیەکدا هەیە تا کەس نەیپەرژێتە ئەوەی لێیان بپرسنەوە لەدرێژ ماوەدا لەبیر بچنەوە .ئەوانە بە حوکمی ئەو ئەزمونەی لە ڕژێمی پێشودا بەدەستیان هێناوە دەزانن کەی خۆییان بشارنەوەو کەی دەربکەون ، ئەوەش بزانە بەکرێگیراو کێ کرێی بداتێ ئەو نۆکەری خۆیی بۆ دەکات . **پرسیار** : زۆرکاری نامرۆڤانە لەلایەن هەردوو لاوە کراوە ، بەڵام بەشێکی کەمی قەومەکەیان دەیزانن بەڕێزتان بەحوکمی جێگەو ڕێگەتان تا چ ڕادەیەک ئاگادارن ؟ .

**سەرۆک** : پێکەنینم دێت کە کارە خراپەکانیانم بیر دەکەوێتەوە ، ئەوان بازرگانیان بەخوێنی قەومەکەی خۆیانەوە دەکرد ، بەڵام بازرگانیەکی ساویلکانەی کەم قازانج ، بەرپرسێ لایەکیان هاتە ئەم ناوچەیە بۆ کڕینی تەقەمەنی ، تەقەمەنیەکی زۆری کڕی ، بەڵام تەسلیمی خێڵکەی خۆیی نەکرد داینا تا زیاتر نرخی بەرز ببێتەوە ، هەرچەندە نرخی سێ جار بەرز بووبوویەوە بەڵام ئەم ئەمەندە چاو چنۆک بوو چاوەڕێی زیاتری دەکرد ، وەختێک بەخۆیی زانی وڵاتێک لە وڵاتە ناحەزەکانیان تەقەمەنیەکی زۆری بۆ ناردن تائاگری شەڕەکە گەورەتر بێت ، نرخ بەجۆرێک دابەزی کابرایی بەرپرس نیوەی پارەکەی خۆیی چنگ نەدەکەوتەوە ، داوایی دەکرد بەونرخەی کە کڕیویەتی لێیوەر بگرینەوە ، ئەمە جێگەی پێکەنین نیە ؟. لەناو گۆڕەپانی شەڕەکەدا سەدان لاشە کەوتبو کەچی لەناو خێڵی چەقۆکولدا شەڕبوو لەسەر هێنانەوەی لاشەی بەرپرسە کوژراوەکانی خێڵی تەورشکاو دەزانی بۆ ؟ چونکە لاشەی بەرپرسەکان پارەیەکی باشی دەکرد ئەی ئەمەش جێگەی پێکەنین نیە ؟ .

**پرسیار** : سەرۆکی پایەدار چۆن کێشە سیاسیەکان و ناکۆکیەکانی نێوان هەردوو خێڵەکە دەبینن ؟ .

**سەرۆک** : ئەوان هیچ کێشەیەکی سیاسییان لەنێواندا نیە و لەیەک سەرچاوەوە ڕێچکەیان گرتوە سەربەیەک بەرەبابیشن ، بەڵام ناکۆکیەکانیان لەسەر دەستەڵات و دەستگرتن بەسەر زۆرترین مولک ومالّدایە ، لەم پێناوەشدا هەموکارێک دەکەن و ترسیان لە هیچ ئەنجامێک نیە ، ئەوەی لای من جێگەی سەرسوڕمانە قەومەکەیە قەومی واگێل و نەفام و ساویلکە مێژوو بەخۆیەوە نەیبینیوە **پێتان وانیە لە دڵسۆزییانەوەیە بۆ خاکەکەیان** ؟ ڕاست دەکەیت وایە لە دڵسۆزیانەوەیە ، بەڵام دڵسۆزیشن هەرلایەیان بۆ خێڵەکەی خۆیان . کاتی شەڕەکەیان بیستم کۆمەڵێک لە گەنجەکانی خێڵی چەقۆکول داوایان لە بەرپرسەکان کردبوو کە ئەم شەڕەماڵوێرانکەرە کۆتایی پێبهێنن کەبووەتە مایەی لەناوچونی چەندهەزار گەنجێک ، بەرپرسەکە ووتبوی ( ئەوانە ڕۆڵەی بەئەمەک و وەفاداری خێڵن و بەتەواوی هۆشیاریانەوە ، بەچەک و نانی خۆیانەوە بەرەو شەهادەت دەچن ) . بەڵام من ئەم دڵسۆزی چەکدارانە جۆرێکی تر لێکدەدەمەوە ، دڵسۆزی چەکدارەشەڕکەرەکان جیاوازە لە دڵسۆزی باقیاتی قەومەکە ، چەکدارەکان جگەلەبەرپرسە سەربازیەکانیان دیاردەیەکی کاتیە ، هۆکەشی ئەو قاتوقڕی و نەبونی ونەدارییە کە سەرەک خێڵەکان خولڤاندوییانە بەنەمانی ئەو

بارودۆخەش ئەو دیاردەیە نامێنیت . هەرچەندە چەکدارەکان زۆریان لەیەکتری کوشتوە ، کوشتنێک مەگەر لەسەدەکانی ناوەڕاستدا نمونەی بوبێت ، تۆ بیستوتە کاتێک چەقۆکولەکان دایانبەسەر گوندێکی تەورشکاوەکاندا خێزانێک بە میوانی چوو بووە ئەو گوندە خێزانەکەشیان لەناوبەر ؟ تۆ دەزانیت ئامێروچەکە شکاو سوتاوەکانی ناوگۆڕەپانی شەڕییان بەخوێنی ئەسیراکانی یەکتری سوورکرد ؟ ئەی ئاگاداری ئارم و نوسینی سەردیوارەکانی یەکترییان بەخوێنی ئەسیرەکانی یەکتری سڕییەوە ؟ ئەم کارانە ئەگەر چی بە زیانی قەومەکەیان تەواو بوو بەڵام سەرەک خێڵ و دەوروبەرەکەی سوودیان لێوەرگرت ، بەوەی ژمارەیەکی باش مرۆڤ کوژوگوێڕایەڵی پارێزەری دەستەڵاتەکەیانیان بۆ هاتەبەرهەم کە جگە لە دەنگ و ڕەگی سەرەک خێڵ و دەوروبەرەکەی نەدەبینن نەدەبیستن .

پرسیار : جەنابی سەرۆک وەک لەناو جەماوەردا باس دەکرێت دەڵێن حکومەتەکەی ئەولا دەستی هەیە لەم شەڕەدا و بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆییان لە هەردوو خێڵی چەقۆکول و تەورشکاودا کەسانێکیان لە ئاستی بەرپرسیاریدا وەک جاسووس کریوە ، ئایا ئێوەش بۆ بەرژەوەندی گەلەکەمان کارێکی لەو چەشنەتان کردوە ؟ .

سەرۆک : وەڵامی ئەم پرسیارەت ئەدەمەوە بەڵام نابێت بڵاوی بکەیتەوە .

**ماویەتی**